

# پێشمەرگەی هەولێر بووە پاڵەوانی یانەکانی هەولێر لە مەلەوانی

هەفتەی رابردوو لە مەلەوانگەی داخراوی شەهید فرانسۆ هەریری پاڵەوانێتی یانەکانی هەولێر بۆ مەلەوانی کۆتایی هات، لەم پاڵەوانێتییە هەریەکە لە یانەکانی (پێشمەرگەی هەولێر، ئەکاد، هەندرێن، پیشەسازی، پێشکەوتن، جیهان) بەشدارییان کردبوو، پاڵەوانێتییەکە ماوەی یەك رۆژی خایاند، لەم پاڵەوانێتییە یاریزانەکان رکابەرییان لە پێشبڕکێ (پشتەمەلە، سینگەمەلە، سەربەرست، فراشە) کرد، لەم پاڵەوانێتییە یانەی پێشمەرگەی هەولێر توانی پلەی یەکەم بە دەستبهێنێت دوای ئەوەی توانی (١٠) خاڵ کۆبکاتەوە، ئەنجامی کۆتایی ئەم پاڵەوانێتییە بەمشێوەیە بوو.

١- پێشمەرگەی هەولێر ١٠ خاڵ، ٢- ئەکاد ٨ خاڵ، ٣- هەندرێن ٦ خاڵ.

جێگەی باسە ئەم پاڵەوانێتییە بە مەبەستی خۆئامادەکردنی یانەکان بوو بۆ پاڵەوانێتی خەڵاتی گەورەی عێراق، کە لە شاری هەولێر بەرێوە دەچێت.

**فۆتۆ: ئەردەلان هەولێری**



# نۆ کچە یاریزانەکەی گۆڕەپان و مەیدانی یانەی ئاڵا لە هەڵبژاردەی لاوانی عێراق وەرگیران

دوای ئەوەی کچانی یانەی ئاڵا توانییان لە پاڵەوانێتی یانەکانی عێراق بۆ گۆڕەپان و مەیدان لەسەر ئاستی لاوان ئەنجامی بەرەچاو بە دەستبهێنن و زۆربەی پلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم لە گشت پێشبڕکێیەکان لە بەرژەوەندی خۆیان تەواو بکەن، یەکێتی گۆڕەپان و مەیدانی عێراق بەهۆی ئەنجامە باشەکانی ئەم یانەیە، بڕیاریدا راهێنەری یانەی ئاڵا، رێبوار محیەدین وەکو راهێنەری هەڵبژاردەی لاوانی عێراق دەستنیشان بکرێت، بۆ ئەوەی هەڵبژاردەی لاوانی عێراق بۆ پاڵەوانێتییەکانی داهاتوو ئامادە بکات، لە هەمانکاتدا یەکێتی گۆڕەپان و مەیدانی عێراق بەفەرمی بانگهێشتی نۆ کچە یاریزانی یانەی ئاڵای کرد،بۆ ڕیزی هەڵبژاردەی لاوانی عێراق بۆ ئەوەی بەشداری لە پاڵەوانێتییەکانی دەرەوەی عێراق بکەن.

یاریزانە بانگهێشتکراوەکان بریتین لە (تارا شاکر، تمارا شاکر، ژاکاو رۆستم، ئاواز ئازاد، نەهلە ئیبراهیم، فاتیمە سەمیع، ساز فریدون، دیانا عەدنان، شەیدا عەبدولمناف).

جێگەی باسە یانەی ئاڵا تاکە یانەیە لە شاری هەولێر، کە تیپی گۆڕەپان و مەیدانی هەیە لەسەر ئاستی کچان و لەسەر ئاستی کوڕان هیچ یانەیەك لە شاری هەولێر نییە بایەخ بە گۆڕەپان و مەیدان بدات.

# یانەی جیهان بووە پاڵەوانی خولی پلە یەکەکانی کوردستان بۆ تۆپی باسکە

هەفتەی رابردوو لە شاری سلێمانی یاری کۆتایی خولی پلە یەکەکانی کوردستان بۆ تۆپی باسکە بەڕێوەچوو، کە تیاییدا هەردوو یانەی جیهان و سلێمانی رووبەرووی یەکتر بوونەوە.
لەم پاڵەوانێتییە ١٠ یانە بەشداری تیاییدا کردبوو و بەشێوازی خول بە دوو قۆناغ بەڕێوەچوو بۆ بە دەستهێنانی دوو بلیت، کە سەردەکەوێت بۆ خولی پلە نایابەکانی کوردستان بۆ تۆپی باسکە لە وەرزی داهاتوودا.
لە یاری کۆتایی ئەم پاڵەوانێتییە هەردوو یانەی جیهان و سلێمانی لە هۆڵی یانەی پێشمەرگەی سلێمانی رووبەرووی یەکتر بوونەوە لە یارییەکی بەهێزدا یانەی جیهان توانی نازناوی خولەکە بە دەستبهێنێت و بە ئەنجامی ( ٨١-٦٩ ) خاڵ لە یانەی سلێمانی بباتەوە و پلەی یەکەمی خولەکە بۆ خۆی مسۆگەر بکات، دوای تەواوبوونی یارییەکە لە لایەن ئامادەبووان خەڵات پلەکانی یەکەم و دووەم و سێیەم بەسەر تیپە سەرکەوتووەکان دابەش کرا.
ریزبەندی کۆتایی خولەکە بەمشێوەیە بوو.
١- یانەی جیهان، ٢- یانەی سلێمانی، ٣- یانەی دەربەندیخان.





## هەڵبژاردەی شەترەنجی هەولێر پلەی یەکەمی بەدەستهێنا

لە شاری دهۆك بە سەرپەرشتی یەکێتی ناوەندی شەترەنجی عێراقی بە هاوکاری لقی دهۆکی یەکێتییەکە و بە ئامادەبوونی هەریەك لە تەمەر رەمەزان پارێزگاری دهۆك و ئەحمەد قاسم سەرۆکی نوێنەرایەتی دهۆکی لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان وسەرۆك و ئەندامانی یەکێتی شەترەنجی عێراقی. پاڵەوانێتی شەترەنجی ئۆلۆمپیاتی هەڵبژاردەی شارەکانی عێراق تەواو بوو، کە هەژدە هەڵبژاردەی شارەکانی عێراق بەشداریان تێدا کردبوو هەریەکە لە هەڵبژاردەکانی (هەولێر، بەغدا، زیقار، موسڵ، بەسرا، دیالە، دهۆك، سلێمانی، کەرکووك، بابل، کەربەلا، موسەنا، ئەنبار، میسان، دیوانیە، نەجەف، واست) ململانییان دەکرد لەسەر بە دەستهێنانی پلەی یەکەمی پاڵەوانێتییەکە، دوای ئەنجامدانی چەندین یاری لە نێو یاریزانانی هەڵبژاردە بەشداربووەکان، هەڵبژاردەی شاری هەولێر توانی نازناوی پاڵەوانێتییەکە بەدەست بهێنێت و ببێتەپاڵەوان، ئەنجامی کۆتایی هەڵبژاردەکان بەم شێوەی خوارەوە بوو .
١-هەڵبژاردەی هەولێر ١٤خاڵ، ٢-هەڵبژاردەی بەغدا ١٢خاڵ، ٣-هەڵبژاردەی زیقار ٩خاڵ، ٤-هەڵبژاردەی موسل ٨خاڵ، ٥-هەڵبژاردەی بەسرا٨خاڵ، ٦-هەڵبژاردەی دیالە ٨خاڵ، ٧-هەڵبژاردەی دهۆك ٧خاڵ، ٨-هەڵبژاردەی سلێمانی ٧خاڵ.

# هۆڵێکی نێودەوڵەتی لە هەڵەبجەی شەهید کرایەوە

لەسەر بڕیاری حکومەتی هەرێمی کوردستان و لە بودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکان، هۆڵێکی نێودەوڵەتی لە شاری هەڵەبجە کرایەوە، هۆڵەکە لەسەر سیستەمی نێودەوڵەتی و بە شێوازی مۆدێرین بیناتنراوە، هۆڵەکە تەواوی مەرجەکانی نێودەوڵەتی بوونی تێدایە، ژمارەیەکی زۆر لە پەیژەی دانیشتنی بۆ کراوە، ئەم هۆڵە داخراوە سوودێکی زۆری دەبێت بۆ تیپەکانی ناو شاری هەڵەبجە و دەوروبەری، تیپی تۆپی باڵەی یانەی هەڵەبجە یارییەکانی خۆی لە خولی بژاردەی کوردستان لەم هۆڵە ئەنجام دەدات، شایەنی باسە ئەمە یەکجارە هۆڵێکی داخراوی مۆدێرن لەسەر شێوازی تازە بۆ ئەو شارە دروست بکرێت.



# لامێلا پێوەندی بە یانەی رۆما دەکات

یانەی ریڤەر پلێتی ئەرژەنتینی رایگەیاند یاریزانی لاوی هێلی ناوەڕاست ئەریك مانویل لامێلا بە شێوەیەکی فەرمی بۆ ماوەی پێنج ساڵ پەیوەندی بە یانەی رۆمای ئیتالی کردووە، دانیال پاساریلا سەرۆکی یانەی ریڤەر پلێت کە دابەزیبە خولی یانە پلە دووەکانی ئەرژەنتین دووپاتیکردەوە کە لامێلا بووە یاریزانی یانەی رۆما.

رۆژنامەی لاگازێتا دیللۆ سپۆرت رایگەیاند بۆندی یاریزان لامێلا لە گەڵ یانەی رۆما بۆ ماوەی پێنج ساڵە و مووچەکەی دەگاتە یەك ملیۆن و پێنج سەد هەزار یۆرۆ لە ساڵێکدا، هەرچەندە نرخی بۆندی لامێلا ئاشکرا نەکراوە بەڵام راپۆرتە رۆژنامەوانییەکان دوپاتیان کردەوە کە نرخی بۆندەکە ١٢ ملیۆن یۆرۆیە، یانەی ریڤەر لە وەرزی رابردوو بۆندێکی یانەی میلانی رەتکردەوە بۆ کرینەوەی یاریزان لامێلای تەمەن ١٩ ساڵ، هەروەها یانەکانی ناپۆلی ئیتالی و لیڤەرپول و تۆتنهام لە ئینگلتەرا و ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی داوای ئەم یاریزانەیان کردبوو، لە ساڵی ٢٠٠٤ یانەی بەرشلۆنە هەوڵی هێنانی لامێلای دابوو کە ئەو کات تەمەنی ١٢ ساڵ بوو.

لامێلا کە بە کاکای تازە ناسراوە خۆشحاڵی خۆی دەربری بە یاریکردنی لە خولی ئیتالیا بە تایبەتی کە یانەی رۆما یەکێکە لە یانە گەورەکانی ئیتالیا و ئەوروپا.




# فابیۆ کەنەڤارۆ وازی هێنا

لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانیدا کە لەشاری دوبەی بەڕێوەچوو، یاریزان و کاپتنی پێشووی هەڵبژاردەی ئیتالیا فابیۆ کەنەڤارۆ بڕیاری وازهێنانی لە یاریکردن لە تەمەنی ٣٧ ساڵیدا راگەیاند، کەنەڤارۆ لە کۆنگرەکەدا گوتی: من زۆر غەمبار و دڵتەنگم، تۆپی پێ بۆ من هەموو شتێك بوو، ئەم بڕیارەش ئاسان نەبوو، لە بەدبەختی ئەم رۆژە لە پێش هەموو یاریزانێکە، بەداخەوە پێکانی ئەژنۆم رێگای پێنەدام بەردەوام بم.

کەنەڤارۆ کە جامی جیهانی ٢٠٠٦ لە ئەڵمانیا لە گەڵ هەڵبژاردەی ئیتالیا بە دەست هێنا لە وەرزی رابردوو لە یانەی ئەهلی دوبەی یاری کردووە، ماوەی ساڵێك لە بۆندەکەی ماوە بەڵام

بە بەشداری ٨ هەڵبژاردە یارییەکانی قۆناغی کۆتایی خولی جیهانی لە یاری تۆپی باڵە لەشاری گادسنك لە وڵاتی پۆڵەندا ئەنجامدرا و تیایدا هەڵبژاردەی روسیا بۆ جاری دووەم لە مێژوودا نازناوەکەی بەدەست هێنا، لەم پاڵەوانەتییەدا هەڵبژاردەکانی بەرازیل و روسیا و کوبا و ئەمەریکا لە گرووپی یەکەم و ئیتالیا و پۆڵەندا و ئەرژەنتین و بولگاریا لە گرووپی دووەم یارییان کرد، لەم هەڵبژاردانەدا، گرووپەکان بۆ قۆناغی کۆتایی سەرکەوتن، دوای زنجیرەیەك یاری کە بۆ ماوەی پێنج رۆژ بەردەوام بوو، هەردوو هەڵبژاردەی روسیا و بەرازیل گەیشتنە یاری کۆتایی، لەم یارییەدا ئەستێرەکانی هەردوو هەڵبژاردە جوانترین و بەرزترین هونەری یاری باڵەیان پێشکەش کرد و لە کۆتاییدا هەڵبژاردەی رووسیا بۆ جاری دووەم لە مێژوویدا بووە پاڵەوانی خولی جیهانی دوای سەرکەوتنی بە ئەنجامی سێ گێم





بە هۆی پێکانەوە ناچار بوو بە یەکجاری واز بهێنێت، لەمبارەیەوە کەنەڤارۆ وتی: ساڵێك لە بۆندەکەم ماوە، لێپرسراوانی یانەی ئەهلی داوایان لێکردم بەردەوام بم بۆیە کارێکی کارگێڕیان پێداوم منیش قبولم کرد. هەروەها کەنەڤارۆ گوتی : من نوێنەری یانەی ئەهلی دەبم، ئەم کارە زیاتر هانم دەدات بۆ بەردەوام بوون لە بواری تۆپ پێ، بێگومان حەزم دەکرد ساڵێکی دیکە یاری بکەم بەڵام نەمدەتوانی ئاستی راستەقینەی خۆم پێشکەش بکەم چونکە ئەژنۆم یارمەتی نەدام.
کەنەڤارۆ لە گەڵ یانەکانی یۆڤانتس و ریال مەدرید یاری کردووە و لە ساڵی ٢٠٠٦ بە باشترین یاریزانی جیهان و ئەورووپا دەست نیشانکرا.

## یەکەم ئاهەنگی هاوسەرگیری لە یاریگای کامب نو



لە ئاهەنگێکی تایبەت و دەگمەندا، لە یاریگای «کامب نو» بە ئامادەبوونی ژمارەیەك لە هاوڕێ و خزم و دۆستان یاریگای یانەی بەرشلۆنە میوانداری یەکەم ئاهەنگی هاوسەرگیری بۆ سیگرید و ئیبیان کرد،، بەمەش بوونە یەکەم بووك و زاوا کە ئاهەنگەکەیان لە کامب نو ئەنجام دەدرێت، خاتوو سیگرید هیوای ئەوە بوو بە جلوبەرگی بووکێنی لە یاریگای کامب نو هەنگاو بهاوێت، ئیبیانی زاوا کە تەمەنی ٣٣ ساڵە لەمبارەیەوە دەڵێت : ئێمە ویستمان کارێکی جیاواز ئەنجام بدەین، ئەو کارەمان بۆ هاوڕێکانمان شی کردەوە، ئێمە دوو هاندەری سەرشێتی کەتەلۆنین بۆیە حەزمان کرد ئاهەنگەکەمان لە کامب نو بێت.
بووك و زاوا پێشوازی فەرمییان لێکرا و دواتر سەردانی ئەو جامانەیان کرد کە گواردیۆلا و تیپەکەی لەم وەرزە بەدەستیان هێناوە، بەتایبەتی جامی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا، بووك وزاوا لەسەر چیمەنی یاریگا سەمایان کرد ئینجا پێشوازی لە میوانەکان کرا کە ژمارەیان ٢٦٠ کەس بوو لە گەڵ لێدانی مارشی یانەی بەرشلۆنە و ئامادەکردنی نانی ئێوارە، هەروەها لە ئاهەنگەدا جوانترین گۆڵەکانی یانەی بەرشلۆنە لە مێژوودا نمایش کرا، دوای تەواو بوونی رێورەسمەکە بووك زاوا داوای گۆرانی واکا واکای هونەرمەند شاکیرایان کرد بۆ سەماکردن و خۆشحاڵی.




# روسیا بووە پاڵەوانی ٢٠١١ لە یاری بالەدا



بەرامبەر بەدوو گێم لە بەرامبەر هەڵبژاردەی بەرازیل پاڵەوانی دوو ساڵی رابردوو، ئەنجامی گێمەکان ( ٢٣ – ٢٥، ٢٧ – ٢٥، ٢٥ – ٢٣، ٢٢ – ٢٥، ١٥ – ١١ ) بوو .
لە یاری دیارکردنی پلەی سێیەم و چوارەم، هەڵبژاردەی پۆڵەندا رووبەرووی هەڵبژاردەی ئەرژەنتین بۆوە و توانی یارییەکە بە ئەنجامی سێ گێمی بێ بەرامبەر بباتەوە و بۆ یەکەمجار پلەی سێیەم بەدەست بهێنێت، ئەنجامی گێمەکان ( ٢٥ – ١٨، ٢٥ – ٢٢، ٢٥ – ٢١ ) بوو، بەم ئەنجامانە هەڵبژاردەی روسیا پلەی یەکەم و خەڵاتی یەکەمی وەرگرت کە بریتی بوو لە یەك ملیۆن دۆلار، هەڵبژاردەی بەرازیلیش پلەی دووەم و خەڵاتی دووەمی وەرگرت کە بریتی بوو لە ٥٠٠ هەزار دۆلار، هەڵبژاردەی پۆڵەندا پلەی سێیەم و خەڵاتی سێیەمی وەرگرت کە بریتی بوو لە ٣٠٠ هەزار دۆلار، یاریزانی هەڵبژاردەی روسیا ماکسیم میخایلۆف بە باشترین یاریزانی خولەکە دەست نیشانکرا و خەڵاتی ٣٠ هەزار دۆلاری وەرگرت.
خولی جیهانی لە یاری بالە بۆ یەکەمجار لە ساڵی ١٩٩٠ ئەنجامدرا و ساڵانە یارییەکانی بەڕێوەدەچێت و تا ئێستا بەرازیل خاوەن ژمارەی پێوانەییە لە نازناوەکان و ٩ جار جامەکەی بە دەست هێناوە و هەڵبژاردەی ئیتالیا بە پلەی دووەم دێت بە بەدەست هێنانی ٨ نازناو، روسیا دوو نازناو و هەریەك لە هەڵبژاردەکانی ئەمریکا و کوبا و هۆڵەندا یەك جار ئەم نازناوەیان بەدەست هێناوە.








ئامادەکردنی ئەم دوو لاپەڕەیە: سالار جەلال

# پاڵەوانێتییەكی نێودەوڵەتی بۆ تۆپی باسكەی كچان لە هەڵەبجە ئەنجام دەدرێت

یەكێتی تۆپی باسكەی كوردستان بڕیاریدا پاڵەوانێتییەكی نێودەوڵەتی لە ئاستی كچان لە شاری هەڵەبجە ئەنجام بدرێت، لە لێدوانێكدا سەردار حەیدەر سەرۆكی یەكێتی تۆپی باسكەی كوردستان گوتی: بۆ پێشخستنی بواری تۆپی باسكە لەسەر ئاستی كچان لە كوردستان و هاندانی كچانی هەڵەبجە بۆ ئەوەی روو لە یاری تۆپی باسكە بكەن، یەكێتییەكەمان بڕیاری داوە پاڵەوانێتییەكی نێودەوڵەتی لە شاری هەڵەبجەی شەهید ئەنجام بدات.

لە درێژەی قسەكانیدا سەردار حەیدەر گوتی: لەم پاڵەوانێتییە هەر سێ یانەی خاوەن پلەی یەكەم و دووەم و سێیەمی خولی نایابی كوردستان لەسەر ئاستی كچان(ئەكاد، سەنحاریب، سیروانی نوێ) و یانەیەكی كوردستانی ئێران و یانەیەكی كوردستانی توركیا بەشداری تیاییدا دەكەن، بەڵام تا ئێستا كاتی ئەنجامدانی خولەكە و هەردوو یانەی كوردستانی توركیا و كوردستانی ئێران دیاری نەكراوە.

لە كۆتایی قسەكانیدا سەردار حەیدەر گوتی: ئێمە هەموو پێداویستییەكانمان دابین كردووە و تەنیا رەزامەندی یانەكان و هەندێك كاری رۆتین ماوە، ئینجا پاڵەوانێتییەكە بەفەرمی بەڕێوە دەچێت.



# پاڵەوانێتی تێنسی سەر زەوی هەڵبژاردەی پارێزگاكانی عێراق بەڕێوەچوو

بەسەر پەرشتی یەكێتی تێنسی سەر زەوی عێراق و بەهاوكاری لقی دهۆكی یەكێتییەكە بۆ ماوەی سێ رۆژ لە شاری دهۆك لەسەر هەریەك لە یاریگاكانی تێنسی یانەی دهۆك و پەیمانگەی وەرزشی دهۆك پاڵەوانێتی تێنسی سەر زەوی پارێزگاكانی عێراق بەڕێوەچوو، كە هەریەك لە هەڵبژاردەی پارێزگاكانی (دهۆك، سلێمانی، بابل، هەولێر، بەغدا، دیالە، دیوانیە) كە بۆ ئاستەكانی تەمەنی (١٠ -١٦) ساڵ یاریزانان لە ململانی دابوون بۆ بەدەست هێنانی پلەكانی پێشەوە.

ئەنجامی كۆتایش بەمشێوەی خوارەوە بوو .

لە ئاستی ١٠ساڵی

١-بەنین ئەحمەد بابل، ٢-فەرەح ئەیاد هەولێر، ٣-نازەنین جەمیل دهۆك، ٤-نیرۆز سەعید دهۆك.

لە ئاستی ١٢ساڵی

١-رەنج خەلیل دهۆك، ٢-زینە رۆستەم هەولێر، ٣-رەغدحوسێن بابل، ٤-جەنان ناسر هەولێر.

لە ئاستی ١٤ساڵی

١-فاتیمە جیهاد دهۆك، ٢-رەیان ئەحمەد بابل، ٣-شەهد حەسەن بابل، ٤-لانە رۆستم هەولێر.

لە ئاستی ١٦ساڵی

١-ریم فوئاد بەغدا، ٢-میدیا ئاڤدەل دهۆك، ٣-شانە عیماد دهۆك، ٤-رەیا ماهیر بەغدا

شایەنی باسە لە دوای كۆتایی هاتنی یارییەكانی پاڵەوانێتییەكە ١٦ یاریزان بۆ ریزی هەڵبژاردەی عێراق دەست نیشانكران، لە كۆی ئەم یاریزانانەش ١٠ یاریزان كوردن.



# کچانی ئەفرۆدێت پاڵەوانی تۆپی دەستی یانەکانی سلێمانی بوون



لەمیانەی هەوڵەکانی نووسینگەی ئافرەتانی لێژنەی ئۆلۆمپی هەرێمی کوردستان بۆ بونیاتنانەوە و پێشخستنی وەرزشی ئافرەتان لە هەرێمی کوردستان بە گشتی و شاری سلێمانی بە تایبەتی، چەندین چالاکی و خولی وەرزشی ئەنجام بدات بە هاوکاری ئافرەتانی نوێنەرایەتی سلێمانی، لەم چوارچێوەیەدا خولێکی تۆپی دەستی کچانی بۆ یانەکانی سلێمانی ئەنجامدرا، لە هۆڵی یانەی وەرزشی پێشمەرگە یاری کۆتایی خولەکە ئەنجامدرا لە نێوان کچانی هەردوو یانەی ئەفرودێت و سیروانی نوێ، پاش ئەنجامدانی یارییەکی ئاست بەرز لە لایەن یاریزانانی هەردوو تیپەوە ئەنجامی گێمی یەکەمی یارییەکە (٦-٦)گۆڵ بۆ هەردوو لا تەواو بوو، لە گێمی دووەمدا کچانی ئەفرودیت باشتربینران و توانیان یارییەکە بە ئەنجامی (١٤-١١) گۆڵ لە بەرژەوەندی خۆیان کۆتایی پێبهێنن و پلەی یەکەمی خولەکە مسۆگەر بکەن، پاشان لە لایەن ئامادەبووانەوە خەڵاتی سەرکەوتوان دابەشکرا بەسەر یاریزانانی هەردوو تیپ، شایەنی باسە لەم پاڵەوانێتییە سێ یانەی شاری سلێمانی بەشداری . ئەو پاڵەوانێتییەیان کرد

## مەڕاسیمی خەڵاتی کۆتایی یانە پاڵەوانەکانی خولی کوردستان ئەنجامدرا



لە ژێر چاودێری لێژنەی ئۆلۆمپی کوردستان و بەسەرپەرشتی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان لە ریستۆرانتی تارین لەسەر رێگای هەولێر-پیرمام بە ئامادەبوونی دکتۆر کاوە مەحمود وەزیری رۆشنبیری و لاوان و نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر و مەلا بەختیار سەرۆکی لێژنەی ئۆلۆمپی کوردستان و سەفین کانەبی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان و ناجح حمود سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی عێراق و چەندین بەرپرسی حزبی و حکومی و ژمارەیەك زۆر لە کەسایەتی وەرزشی و یانە سەرکەوتووەکانی گشت خولەکان ئامادەی مەراسیمی دابەشکردنی خەڵاتی کۆتایی خولی وەرزی ٢٠١٠-٢٠١١ خولەکانی کوردستان بوون، لەم مەڕاسیمە هەریەك لە مەلا بەختیار وسەفین کانەبی و ناجح حمود وتەیان پێشکەش کرد و باسی گرنگی خولی ئەمساڵیان کرد، دواتر مەڕاسیمی دابەشکردنی خەلات لە لایەن ئامادەبووان بەڕێوەچوو، کە لە خولی پێشکەتووان یانەی هەندرێن پاڵەوان بوو لە ئاستی پلە یەك یانەی شێروانە پاڵەوان بوو، لە ئاستی لاوان و تازەپێشگەوتوان یانەکانی زێرەڤانی و هەولێر خاوەنی پلە یەکەم بوون.

دواتریش خەڵات بۆ باشترین گۆڵکار و یاریزانان و ڕاهێنەران دابەشکرا، سەبارەت بەم مەراسیمەش سەفین کانەبی سەرۆکی یەکێتی تۆپی پێی کوردستان بۆ فایلی وەرزشی گوڵان گوتی: مەڕاسیمێکی زۆر رێك و پێکمان ئەنجامدا، ئێمە ساڵ بە ساڵ بەرنامەمان هەیە بۆ پێشکەوتنی خولەکە و وەرزشی تۆپی پێی کوردستان، ئەمساڵ دیارییەکانمان زیادی کردبوو، تیپی یەکەم پاڵەوانی خولەکە ١٠٠ ملیۆن و تیپی دووەم ٧٥ ملیۆن و تیپی سێیەم ٥٠ ملیۆن دینار بوو، هەوڵ دەدەین بۆ ساڵی داهاتوو کاری باشتر بۆ یانەکانی کوردستان بکەین، لە پرۆگرام دایە پاڵەوانی خولەکە ببەینە دەرەوەی هەرێمی کوردستان بۆ ئەنجامدانی ئۆردوگایەکی مەشقی بۆ گۆڕینی کەش و هەوای یاریزانان، ئێمە بە پاڵپشتی حکومەتی هەرێمی کوردستان ساڵ بە ساڵ دەتوانین ئاستی تۆپی پێی کوردستان بەرەو پێش ببەین، ئەمساڵیش باشترین دیاریمان ئامادەکردبوو، دیزاین وجامەکانمان لە ئەوروپا ئامادەکردبوو و ئەوەی ئێمە کردبوومان لە زۆر وڵاتانی دەووروبەر نەکراوە، بەهیوای ئەوەشین ئاستی وەرزشی کوردستان بەرەو پێش بچێت.

**فۆتۆ: سدیق عەوالی**